**تاقمی(سێت) خوێن گواستنەوە چییە؟**

**وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە، حسێن محەمەد**

**بەکارهێنانی تاقمی خوێن گواستنەوە**


تاقمی خوێن گواستنەوە بۆ گواستنەوەی خوێنی جمانی ناو خوێن هێنەر و پێکهاتەکانی بەکاردەهێنرێت. ئەمەش کتومت گواستنەوەی خڕۆکە سوورەکانی خوێن و پەپکەی خوێن (پلەیلیت) و پلازما دەگرێتەوە. بۆ ئاسانکاری خوێن گواستنەوە، کارمەندانی پزیشکیی بەستەی(پاکێجی) خوێنەکە زۆر بە باشی لەسەرەوەی نەخۆش هەڵدەواسن چونکە تاقمەکە بە پێی هاتوچۆی هێزی کێش کردنی شلە کاردەکات. سەرێکی بە شتێکی تیژەوە دەبەسترێت، کە بۆ دنەدانی جانتای خوێنەکە بەکاردێت و سەرەکەی تریش دەرزی ژێر پێستی پێوە دەنووسێت. دواتر دەرزییەکە بەناو خوێنهێنەری نەخۆشەکەدا دەبردرێت.



تاقمی خوێن گواستنەوە

**بەشەکانی تاقمەکە**

بەشەکانی ئەم تاقمە بریتین لە پارێزەرێکی پلاستیکی بزماری و بزماری پلاستیکی و هەواکێش و سەلکە تنۆکە و لوولە و تەوژم ڕێکخەر و دەرەچەی کوتان و بەستەری لوێر و دەرزی بن پێست. هەریەک لەم بەشانەش ڕۆڵێکی زۆر گرنگ لە ڕێکخستنی ڕێ و جێی بێ کەلێن و مسۆگەرکراوی خوێن گواستنەوەدا دەگێڕن.




(تاقمی خوێن  گواستنەوەی یەک جار بەکارهێنراو)

١-پارێزەر ٢-بزماری پلاستیکی ٣-هەواکێش ٤-سەلکە تنۆکە ٥-پاڵافتەر ٦-لوولە

٧-تەوژم ڕێکخەر ٨-شوێنی کوتان ٩-بەستەری لوێر ١٠-دەرزی

**ناساندنی بەشەکان**

**پارێزەری پلاستیکی بزماری**

ئەم پارێزەرەوە پلاستیکییە بزمارییەکە دادەپۆشێت، بەم جۆرە بەپاکی ڕایدەگرێت. خۆی ئەمە لە پلاستکی خاوێن دروست دەکرێت. پلاستیکە بزمارییەکە دەچێتە ناو هەڵگری ئەو خوێنەی دەگوازرێتەوە و ڕاستەوخۆ بەرخوێنەکە دەکەوێت. جا لەبەرئەوە پاکژییەکەی و مەرجی تەندروستییەکەی دەبێت بەهەرکلۆجێک بێت پارێزراو بن. ئەمانەش هەر بە پارێزەرەکە دەپارێزرێن.

**بزماری پلاستیکی**

ئەم بزمارە لەو سەری لوولەکەیەوە و لە مادەی ئەکریلۆنترین بوتادین ستایرین. بەمەبەستی ناوبڕی خوێندانەکە یان توورەکەی خوێنەکە بەکاردێت و هەروەها ڕاگرتنی هەموو تاقمەکەی خوێن گواستنەوەکە، لەو کاتەی بەکاردەهێنرێت.



بزماری پلاستیکی

## هەوا کێش

هەواکێش دەکەوێتە بنی بزمارە پلاستیکییەکەوە. وەک دەروازەی  ئەو هەوایە کاردەکات دەچێتە ناو باربەری خوێنەکەوە یان جانتای ئەو خوێنەی دەگوازرێتەوە. دواجار ئەم هەوایە هەندێک فشاری سەر خوێنەکە کەم دەکاتەوە و یاریدەی گواستنەوەی خوێنەکە دەدات.

## سەلکە تنۆکە

ئەمەش سەلکێکی ڕوون و شێوە کیسە و ڕێک کەوتۆتە خوارەوەی بنکەی بزمارەکەوە. ئەمە یەکەمین بەشی تاقمەکەیە تیایدا خوێن تنۆک تنۆک دێتە ناوەوە و کۆدەبێتەوە. وەک شوێنی هەژمارکردنی ڕێژەی تەوژمی خوێن کاردەکات و چاودێری دەکات، گەر خوێنی هاتوو تەوژم بدات. دەکرێت سەلکە تنۆکە لە نەرمکەرەوەی پلاستیکی دروست بکرێت.



سەلکە تنۆکە

## خوێن پاڵفتەر

خوێن پاڵفتەر، کە لە مادەی پۆلیپرۆلین پێکهاتووە، دەکەوێتە ناو بەشی سەلکە تنۆکەوە. کلۆ و ووردە تۆپەڵی پەپکەی خوێن و ئەو خڕۆکە سپییانەی خوێن لەکاتی کۆکردنەوە و هەڵگرتن، لادەبات. تاقمی نموونەیی خوێن گواستنەوە پاڵفتەرێک بەکاردەهێنێت قەبارەی کونەکانی لەنێوان ١٧٠-٢٦٠ ماکرۆن بێت. ئەما پێکهاتەی بچووکترەکەی تاقمەکەن و پاڵفتەریان بۆ پلازما و پەپکەی خوێن و بەشی زۆری خڕۆکە سپییەکانی خوێن هەیە.

## لوولە

لوولە چەمێنراو و ڕوونەکە پێکهاتەی سەرەکی تاقمی خوێن گواستنەوەکەیە. ئەم لوولەیە ناوەندەی ڕێڕەوی تێپەڕبوونی ئەو خوێنەیە کە دەگوازرێتەوە. هەموو بەشەکانی ڕاگرەی خوێن گواستنەوەکە بەمەوە دەبەسترێت. مادە سەرەتاییە خامەکەی لوولەکە بریتی یە لە پۆلیڤینیل کلۆراید. مادەی دووانە ئیثیهێڵ ئێکسیڵیش بۆ تاقمەکە زیاد دەکرێت،کە هەندێک نەرمە. خۆی ئەم مادەیە ناکرێت بۆ ئەم جۆرە کەسانە و لەم دۆخانەی خوارەوەدا بەکاربهێنرێت:-


ئەو نەخۆشانەی هەستیاریان بۆ ئەم مادەیە هەیە

خوێن گواستنەوەیەک تیایدا تاقمی فشاری وەک پەمپی خوێن گواستنەوە بەکاربهێنرێت

ئەو نەخۆشانەی منداڵ و گچکە و لە قۆناغی پێش هەراشیدان (لە ڕەگەزی نێر) و ژنانی دووگیان و شیردەر.

## تەوژم ڕێکخەر

تەوژم ڕێکخەر، کە لە مادەی پۆلی پرۆپلین یان ئەکریلۆنترین بوتادین ستایرین پێکدێت، بەدرێژی بە لوولەکەوە دەنووسێنرێت، لە نێوان بەشی سەلکە تنۆک و بەشی کوتانەوە. دەکرێت بەدرێژایی لوولە پلاستیکییەکە سەرو خواری پێبکرێت. ئەمەش بۆ دەرگیرکردن و ڕێکخستنی ئەو تەوژمی خوێنە بەکاردەهێنرێت، کە دەگوازرێتەوە.



تەوژم ڕێخکەر

## بەشی کوتان

شوێنی کوتان لە پێشی دەرزییەکەوەیە. لێرەوە داو و دەرمان دەکرێت بەکاربهێنرێت، کاتێک خوێن گواستنەوەکە ڕوو دەدات. مادەی شوێنی دەرزی پیاکردنەکە دەکرێت شیلە بێت یان بێ شیلە بێت. ئەوانەی هەستیارییان هەیە مادە شیلاوەکەیان بۆ بەکارناهێنرێت، دەبێت مادەی بێ شیلاو بەکاربهێنرێت.



بەشی کوتان لەڕێگەی پێک بەستەری لوێرەوە بە دەرزییەکەوە دەبەسترێت

## پێک بەستەری لوێر

ئەم پێک بەستەرە لە ئەکریلۆنترین بوتادین ستایرین دروست دەکرێت، ئەم بەشە کردارییانە گرنگترین بەشی تاقمەکەیە، ڕێک لە پشتەوەی دەرزییەکەوەیە. دەرزی ژێرپێست بەم بەشەوە نووساوە.

## دەرزی بن پێست

ئەمەش بۆ کون کردن و سمینی خوێنهێنەری نەخۆش بەکاردەبرێت. خۆی ئەمە نەخۆش و تاقمی خوێن گواستنەوەکە پێکەوە دەبەستێتەوە. لە کۆتایی تاقمەکەدا، سەرنجڕاکێشەرانە کاریگەری لەسەر تەوژمی ئەو خوێنە دەبێت، کە دەگوازرێتەوە. گەرتیرەی کانولایەکە گەورەتر بێت، دەکرێت تەوژمی خوێنەکە خێراتر بکرێت. گەر تیرەکەی بچووکتر بێت، دەکرێت تەوژمی خوێنەکە لەسەرخۆتر بێت. بەم جۆرە دەبێت تیرەی ڕاستەقینەی دەرزییەکە بەکاربهێنرێت تاوەکو بڕی پێویستی خوێن لەماوەیەکی دیاریکراودا بگوازرێتەوە.

**نووسینی ئانا لین، بەڕێوەبەری بەبازاڕکردن لە کۆمپانیای (KMED )**


سەرچاوە:-

https://www.kmedhealth.com/what-is-a-blood-transfusion-set/